گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper14

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 2023/08/20
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2023/09/18
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 2023/06/29

# شیکردنەوەی جوگرافی ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی (فێرکاری، تەندروستی، داهات) لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021

## (توێژینەوەیەکە لە جوگرافیای پەرەپێدان)

**هیوا صادق سلیم[١] - ساکار بهاءالدین عبدالله[٢] - سیروان حسین اسماعیل[٣]**

sirwanmexmuri@gmail.com - sakar.abdulla@su.edu.krd - hiwa.saleem@su.edu.krd

[١+٢+٣]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە، ڕونکردنەوەی ئاستی هەرێمی کوردستانە لە نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆییەوە بۆ ساڵی 2021، هەروەها ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر کەتواری حاڵی نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لە پارێزگاکانی هەرێم بە لێکۆڵینەوە لەسەر نیشاندەرەکانی فێرکاری و تەندروستی و داهات، کە ئەم پێوەرانەوە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە وەک نیشاندەری سەرەکی دادەنرێت لە گۆڕینی تاک لە بەکاربەرەوە بۆ بەرهەمهێنەر، هەربۆیە توێژینەوەکە پشتی بەپرۆگرامی وەسفی بەستوە بۆ شیکردنەوەی نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان، ئەمە وێڕای ئەوەی پشت بە شیکردنەوەی زانستی و شوێنی و داتای جوگرافی و دیمۆگرافی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەستراوە، لەئەنجامدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی بۆ پێوانەکردنی ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 و پاش شیکردنەوەی نیشاندەرەکانی فێرکاری و تەندروستی و داهات بەهای ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی (0,680)بوە، ئەمەش دیارە بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان هەرێمی کوردستان لەدیاریکردنی ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی دەکەوێتە ئاستی مامناوەندەوە، ئەم ئەنجامەش لە هەریەك لە نیشاندەرەکانی فێرکاری کە بەهاکەی (0,796) بوە و نیشاندەری تەندروستی بەهاکەی (0,83) بوە و نیشاندەری داهات بەهاکەی (0,415) بوە لەهەرێمی کوردستان.

**کلیلە وشەکان:** پەرەپێدان، پەرەپێدانی مرۆیی، جوگرافیای پەرەپێدان، ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی،

# The Analysis of the Human Development Guide (Education, Health, Income) in the Kurdistan Region for the year 2021

## A study in Development Geography

Hiwa Sadiq Salim[1] – Sakar Bahadin Abdulla[2] – Sirwan Hussein Ismael[3]

[1+2+3] Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

### Abstract

The aim of this study is to explain the level human development indicators in 2021 Kurdistan Region. The study also tries to conduct research on the current culture of human development indicators in the provinces by studying education, health and income indicators from consumer to producer. Therefore, the current study relied on a descriptive method to analyze the indicators of human development in the Kurdistan Region. Howeve, the stufy relies on scientific analysis, geographical and demographic data in the study area In 2021. After analyzing the indicators of education, health and income, the value of the Human Development Index was (0.680), which is obvious according to the UN report, the Kurdistan Region is in the middle level. Moreover, the life expectancy indicator was (0.83)and the income indicator was (0.415)in the region.

**Keywords:** Development, Human development, Geography of development, Human development index.

### پێشەكی

بابەتی پەرەپێدانی مرۆیی و نیشاندەرەكانی دەمێكە بۆتە جێگای بایەخی وڵاتانی پێشكەوتو و تازەپێگەیشتو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو بایەخە زیاتر دەبێت، چونكە پەیوەنداره بەلایەنە جیاجیاكانی كۆمەڵگا و ئامانجی سەرەكیشی- برەودانە بەخودی مرۆڤ كە ڕەگەزێكی كاریگەرە لەپرۆسەكانی پەرەپێدان پاڵپشت بەو ڕاستییەی كە ئەو بابەتە پەیوەندی تۆكمەی بەكۆی كرداری بەرهەمهێنانەوە هەیە بەڕادەیەك لەحاڵەتی نەبونی پەرەپێدانی مرۆیی بەئەندازەی پێویست كۆمەڵگا ناتوانێت ڕۆڵی سروشتی خۆی هەڵبستێت.

جێگای ئاماژەیە بابەتی پەرەپێدانی مرۆیی شوێنێكی گرنگی لەلێكۆڵینەوە جیاوازەكان داگیركردوە، هەر ئەمەشە وایكردوە كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان لەسەرەتای هەشتاكانی سەدەی ڕابردو گرنگی زیاتر بەم بابەتە بدات لەنەوەدەكانی سەدەی ڕابردوش پێشنیاری ئەوەی كرد كە گرێبەستێك لەنێوان وڵاتان ببەسترێت سەبارەت بەبابەتی پەرەپێدانی مرۆیی، چونكە هەر بایەخدانێكی زیاتر بەم نیشاندەرانە ڕەنگدانەوەی زیاتری دەبێت لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان.

### یەكەم: گرفتی لێكۆڵینەوە

کێشەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە بەدیاردەکەوێت:

1. ئایا بونی جیاوازی شـــوێنی بۆ کۆبونەوەی نیشـــاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردســـتان گونجاوە، لەگەڵ قەبارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایانە و دەتوانێت داواکارییەکانی دانیشتوان پڕبکاتەوە؟
2. ئایا هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی لەچ ئاستێکدایە؟
3. ئایا تایبەتمەندییەکانی جوگرافی سروشتی و مرۆیی کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان هەبوە؟

**دوەم: گریمانەی لێکۆڵینەوە:**

1. بونی جیاوازی لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم سەبارەت بە نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، بۆتە هۆی جیاوازی ئاستەکانی بێ بەشبونی مرۆیی لەنێوان پارێزگاکاندا.
2. دیاریکردنی ئاســتی پەرەپێدان لەپارێزگاکاندا پاڵپشــت بە نیشــاندەرەکانی پەرەپێدانی شــوێنی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەدەستەبەرکردنی میکانزمی گونجاو بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکان.
3. تایبەتمەندییەکانی مرۆیی ڕۆڵی ســەرەکی دەبینن لە پلانەکانی وەبەرهێنان و پرۆژەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان.

**سێیەم: گرنگی لێکۆڵینەوە:** گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم خالانەی خوارەوە بەدیاردەکەوێت:

1. پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی دانیشتوانەوە هەیە، چونکە بەئامانج و میکانزمی سەرەکی پەرەپێدان دادەنرێن.
2. بەرزکردنەوەی ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی و دانانی سنورێک بۆ ڕادەی جیاوازی شوێنی و کەمکردنەوەی جیاوازی توانا مرۆرییەکان لەنێوان پارێزگاکاندا.
3. ڕاســـپاردنی لایەنی پەیوەندار لە دوبارە دابەشـــکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی پەرەپێدان و ئاراســـتەکردنی بۆ ئەو پارێزگایانەی کە بێبەشن لەم خزمەتگوزارییانە.

**چوارەم: ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

دەرخســـتنی دۆخی پەرەپێدان پشـــت بەســـت بەرێبەری پەرەپێدانی مرۆیی و ڕێگاکانی شـــیکردنەوەی ئاماری، هەروەها ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەســـەر واقیعی حاڵی نیشـــاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لە پارێزگاکانی هەرێم و دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی کە بون بەمایەی دروســـتبونی جیاوازی شـــوێنی کە گرنگترین بەربەســـت دەرکەوتون بۆ شـــکســـتهێنانی ئەم پرۆسەیە.

**پێنجەم: میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

بەمەبەســـتی پێکانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پشـــت بەچەند میتۆدێکی جیاواز بەســـتراوە لەوانە میتۆدی هەڵێنجاندن و هەرێمی لەدیاریکردنی جیاوازی شـــوێنی لەنێو یەکە کارگێڕییەکان و پارێزگاکاندا، ئەمە وێرای ئەمە پشـــت بە میتۆدی شـــیکردنەوەی وەســـفی بەســـتراوە بۆ نیشـــاندەرەکان و شـــیکردنەوەی شـــوێنی و ئاماری بۆ داتا و زانیارییە جوگرافی و دیمۆگرافییەکانی تایبەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها بەئامانجی وەدەســـتخســـتنی هەرچی زیاتری داتا و ئاماری

پێویستیش کە لێکۆڵینەوەکە پێویستی پێ هەبوە، پشت بەکەرەستەکانی لێکۆڵینەوە بەستراوە و بەرنامەی gis بۆ نەخشەکان بەکارهێنراوە.

## شەشەم: پلانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ تەوەرەدا دابەشکراوە؛ تەوەرەی یەکەم: چەمك و زاراوەکانی پەرەپێدانی مرۆیی. تەوەرەی دوەم: کەتواری نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان. تەوەری سێیەم: پێوانەکردنی دەلیلی پەرەپێدانی مرۆیی (HDI) لەهەرێمی کوردستان.

## حەوتەم: ناوچەی توێژینەوە

### ١- سنوری شوێنی:

ئەوەی باسی ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین پێویستە باسی سنوری کوردستانی عێراق بکەین، کە باشوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی (بەدرە) لەپارێزگای واسط دەستپێدەکات، بەرەو باکور دەڕوات و لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلی هەڵدەکشێ بەتەنیشت بەرزاییەکانی حەمرینەوە تا فەتحە دەڕوا شانبەشانی ڕوباری دیجلە سەردەکەوێ و لە باکوری شاری موسڵ بەرەو باشوری ڕۆژئاوا ڕوە شارۆچکەی حەزەر دادەکشێ، لەوێشەوە ڕودەکاتە ڕۆژئاوا بەرەو سنوری عێراق سوریا لەباکوری شارۆچکەی بەعاج.

سەبارەت بە ڕوپێوی کوردستانی عێراق بریتییە لە (78726)کم$^2$، کە دەگاتە زیاتر لە (18%)ی سەرجەمی ڕوبەری خاکی عێراق، ئەم ناوچانەش لەخۆدەگرێت (محمد، 2012، 24-25):


أ) پارێزگاکانی: هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکوك.
ب) هەمو ناحیە و قەزاکانی پارێزگای نەینەوا بێجگە لەقەزاکانی موسڵ، بەعاج، حەزەر.
ت) قەزای دوز لە پارێزگای سەلاحەددین (تکریت).
ث) قەزاکانی خانەقین، کفری، مەندەلی بێجگە لە (ناحیەی بەلەدروز) لەپارێزگای دیالە.
ج) ناوەندی قەزای بەدرە لە پارێزگای واست. هەروەکو لەنەخشەی ژمارە (1) دیارە

باسکردنی چەمکی کوردستانی عێراق بنەمایەکە بۆ چەمکی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەرێکەوتنامەی (11 ئاداری ساڵی 1970)دا ئاماژە بەم ناوە کراوە وەك ناوچەی کوردستان بۆ (حکم ذاتی)، هەر لەساڵی (1992)دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە و دواتر ساڵی (2004) لە یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی و پاشان لەدەستوری هەمیشەیی عێراق لەساڵی (2005) ئەم ناوەیە ئاماژەی پێکرا (حسین، 2015، 24).

سەبارەت بەسنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە هەریەك لەم ناوچانە لەخۆدەگرێت: (وەزارەتی پلاندانان، 2019):

أ) پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دەگرێتەوە.
ب) قەزای مەخمور لەگەڵ ناحیەکانی (ناوەندی قەزا، قەراج، کەندێناوە، مەلاقەرە، گوێر) لەپارێزگای هەولێر دەگرێتەوە.
ت) قەزای شێخان لەگەڵ ناحیەکانی (ناوەندی قەزا، ئەتروش، باعەدرێ، زیلکان، کەلەکچی، قەسرۆك ) لەپارێزگای دهۆك لەخۆدەگرێت.
ث) لە قەزای خانەقین هەریەك لە ناحیەکانی (قۆرەتو، مەیدان) لەخۆدەگرێت.

ج) ناحیەی (بەمۆ) لە پارێزگای هەڵەبجە دەگرێتەوە.





**نەخشەی -١- شوێنی فەلەکی و جوگرافی کوردستانی عێراق**

سەرچاوە :کاری توێژەر پشت بەستن بە:١- هاشم یاسین حەداد و ئەوانی تر ،ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عیراق ، عێراق و جیهان .چاپی یەکەم،چاپخانەی تێنووس ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ، لا ٣٩

.حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلاندانان ، دەستەی ئاماری هەرێم ، بەشی نەخشە، نەخشەی هەرێمی کوردستان ،٢٠٢٠

هەروەها لەڕوی فەلەکییەوە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٠ ٣٤°– ٣٠ 37°) باکور و نێوان هێڵی درێژی (١٥ ٤٢° – ٣٠ ٤٦°) ڕۆژهەڵات.

لەڕوی جوگرافییەوە وڵاتی تورکیا کەوتۆتە باکوری و لە باکوری ڕۆژهەڵاتی و باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان کۆماری ئیسلامی ئێرانە، لەبەشی باشوری پارێزگای دیالەیە، هەریەک لە پارێزگاکانی سەلاحەددین و کەرکوک دەکەونە بەشی باشوری ڕۆژئاوای، هەروەها لەبەشی ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوایە و هەروەها لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای وڵاتی سوریایە، هەروەکو لەنەخشەی (2) دیارە.




نەخشــەی -٢- پارێزگاکــانی هــەرێمی کوردســتانی عێــراق

، سەرچـاوە :کـاری توێــژەر پشـت بەسـتن بـە: حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ، وەزارەتـی پلانـدانان ، دەسـتەی ئامـاری هـەرێم سەرچـاوەی پێشـوو

## 2- سنوری کاتی لێکۆڵینەوە:

ئەو ماوەیە کە توێژینەوەی لەسەر کراوە بریتییە لەساڵی (2021).

**تەوەرەی یەکەم: چەمك و زاراوەکانی پەرەپێدانی مرۆیی.**

1- پەرەپێدان Development:

پەرەپێدان لەروی زمانەوانییەوە بەواتای زیادبون و گەشـــەســـەندن و زۆربون و فەرهەمبون دێت، بابەتی پەرەپێدان یەکێکە لەو بابەتانەی بۆتە جێگای بایەخی چەندین زانستی جیاوازی نمونەیی ئابوری و کۆمەڵایەتی جوگرافی .....هتد.

هەر ئەمەشــە وایکردوە کە توێژەران و پســپۆران و وڵاتان تاوەکو ئێســتا کۆك نەبن لەســەر پێناســەیەکی ورد و دیاریکراو بۆ ئەم چەمکە بەو واتایەی چەمکی پەرەپێدان پەرەپیدان چەمکێکی گشــتگیرە لەگۆڕانی بەردەوام دایە، چونکە سروشــتی ئاڕاســتەکانی پەرەپیدان زیاتر سروشــتێکی هزری و ئایدۆلۆژی هەیە، ئەمەش وایکردوە دیاریکردنی تەوەر و ڕەهەندە ئابوری و کۆمەڵایەتی و

شوێنیەکانی کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام لەگەڵ بونی هەمو ئەو جیاوازییانەش توێژەران هەمو لەسەر خاڵێك کۆکن ئەویش ئەوەیە کەمرۆڤ ئامانج و ئامرازی پەرەپێدانە(الدلیمی، 2009، 2).

2- جوگرافیای پەرەپێدان Geography of Development:

جوگرافیای پەرەپێدان لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی کەبایەخ دەدات بەجیاوازی شێوازەکانی ژیان لەسەر ڕوی زەوی کەبێگومان ئەو جیاوازیەش دەرئەنجامی جیاوازی جۆر و چۆنیەتی بەکارهێنانەکانی زەوییە لەلایەن ئادەمیزادەوە هەربۆیە پەیوەندی نێوان جوگرافیا و پەرەپێدان پەیوەندیەکی جەدەلییە ناتوانین لەیەکیان جیابکەینەوە، چونکە پەرەپێدان بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە پرۆسەی گواستنەوە و گۆران لە بارودۆخێک بۆ بارودۆخێکی باشتر لەڕوی پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤەوە (الجبوری، 2014، 13).

چەمکی جوگرافیای پەرەپێدان چەندین لایەن لەخۆدەگرێت وەک گۆرانی زەوی و ژیانی مرۆڤ کە کاریگەری هەیە لەسەر نەبونی دادپەروەری لەگشت لایەنەکانی ژیان، کاتێک هەڵبژاردەی مرۆڤەکان فراوان دەبێت و خۆی لە پێکهاتەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشەنبیری دەبینێتەوە ئەوسا تێگەیشتن لەچەمکی پەرەپێدان زیاتردەبێت(العانی، 2014، 8).

3- پەرەپێدانی مرۆیی (التنمية البشرية) Human Development

سەبارەت بە چەمکی پەرەپێدان زیاتر لە دەربڕینێک بەکارهێنراوە بۆ ئەم چەمکە، هەربۆیە لەسەرەتادا بە پەرەپێدانی ڕەگەزی مرۆیی دەناسرا یان پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی یان پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان یاخود بە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی ناسرابو، تا ئەو کاتەی چەمکەکە لە ساڵی ١٩٩٠ لە فۆرمێکدا جێگیر بو لەلایەن بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئەمەش کاتێ ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی دەرکرا، بەشێوەیەکی تێر و تەسەل تیشك خرایە سەر چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی، کە تێیدا هاتوە فراوانکردنی بژاردەکانی خەڵکە و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر(القصیر، 2017، 24). هەربۆیە بەشێک لەتوێژەران وای دەبینین کە پەرەپێدانی مرۆیی بریتییە لە زیادبونی هەلی بژاردەکان، داهات تەنها یەکێک نییە لەم هەلانە کە ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەڵکو پەرەپێدانی مرۆیی بەمانای فراوانبونی بژاردە بەردەستکراوەکانی خەڵک دەگەیێ و لەم بژاردانەشدا ئەوانە لەخۆدەگرێت(حمد، 2011، 114):

- پێویستە مرۆڤ لە ژیانێکی درێژ و تەندروست بژێت و دوربێت لە نەخۆشییەکان.
- پێویستە مرۆڤ زانیاری و فێربون بەدەستبهێنێت.
- پێویستە مرۆڤ بارو گوزەرانێکی شیاوی هەبێت.

سەبارەت بەو چەمکەوە ڕەهەندی مێژویی هەیە بەجۆرێك بیری ئابوری کۆن و لەسەر دەستی دیارترین زانا (ئادەم سمیث) کە جەخت لەسەر گرنگی ڕەگەزی مرۆیی دەکاتەوە، بەجۆرێك کە گرنگی بە خاوەن سەرمایەی مرۆڤ و داهاتی نەتەوەیی و داهاتی تاکەکەسی دانیشتوان دەدات، ئەمەش لەرێگەی کارکردن و جەخت کردنەوە لەسەر رۆلی گرنگی فێرکردن و ڕاهێنان لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان(الدلیمی، الموسی، 2009، 24).

4- ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی Human Development Index :

سەبارەت بە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی داهێنانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئابوری پاکستانی (مەحجوب حەق) و زانای ئابوری هیندی (ئماریتاسین) کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە لە ئابوری و هەروەها زانای بەریتانی (ماغایدیسای) کە هاوکاری بونە لەم داهێنانە، داهێنانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبۆ ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی بریتیبو لە نیشاندەری ئاستەکانی خۆشگوزەرانی میللەتانی جیهان کە بۆ ئەمەش پشتیان بەسێ کۆلەگە و پێکهاتە بەستوە ئەوانیش : (فێرکردن و تەندروستی و داهات)،

چونکە ئەم پێوەرە سەرەکیانەی کە بەکاردێن بۆ پێوانەکردنی پەرەپێدانی مرۆیی بە ڕەگەزێکی ستراتیژی لە میتۆدی نوێی پەرەپێدان دادەنرێت و هەر لەم ڕێگەیەوە هەلسەنگاندن بۆ ئاستی پێشکەوتن دەکەن (السماك، عبدالله، 2001، 298).

## 5- ڕێگاکانی پێوانەکردنی پەرەپێدانی مرۆیی:

دەکرێت چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی لە واقیعدا جێبەجێبکرێت لە ڕێگەی پێوانەکردنی دو ئاستی جیاواز، کە بریتین لە ئاستی پوختەیی و ئاستی چەندێتی.

سەبارەت بە ئاستی پوختەیی کۆمەڵێك نیشاندەر لەخۆدەگرێت کە چەند لایەنێکی جیاواز تایبەت بە دانیشتوان لەخۆدەگریت گرنگترینیان بریتین لە لایەنی (ئابوری، فێرکاری، تەندروستی) ...هتد، بەڵام ئاستی چەندێتی کە بە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی دەناسرێت لەسێ پێکهاتەی سەرەکی و چوار نیشاندەر پێکدێت کە پێکهاتەکان بریتین لە: (تەندروستی، فێرکاری، داهات) و نیشاندەرەکانیش هەریەك لە (تەمەنی پێشبنیکراو، تێکڕای ناونس کردنی قوتابیان لەگشت قۆناغەکانی خوێندن، تێکڕای ڕێژەی زانینی خوێندنەوە و نوسین، داهاتی بەشی تاکەکەس لەبەرهەمی ناوخۆیی)(ناصف، 2001، 15).

پێوانەکردنی ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی و ماوەی پێشکەوتنی هەریەك لە پێکهاتەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەرێگەی ئەم نیشاندەرانەوە دەستەبەر دەبێت کە دەکریت بە دو قۆناغ پێوانەکردنەکە ئەنجام بدریت بەمجۆرە:

قۆناغی یەکەم:

ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی بۆ هەرسێ ڕەهەند بۆ هەریەکەیان بە جیا دەردەهێندرێت لە پاڵ دیاریکردنی کەمترین و بەرزترین بەها بۆ هەریەك لە نیشاندەرە سەرەکیەکان و گۆڕینی نیشاندەرەکان بۆ ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کە بەهاکەی لەنێوان (سفر – 1) دایە. هەروەکو لەخشتەی (1) دیارە، پێوانەکردنی نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەری دەهێنین(عطوي، 2004، 62).

1-5. نیشاندەری ناوەندی تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە:

بۆ هەژمارکردنی پێشکەوتنی تەندروستی وڵاتێک ئەوا لەرێگەی ناوەندی تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە و ئاماری ژمارەی مردنی منداڵانی کەمتر لەپێنج ساڵان یاخود ئەوانەی شیرەخۆرن دەبێت، ئەم نیشاندەری تەندروستی لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کێشی 3/1 پێ دەدرێت لە (ڕێبەری تەمەنی پێشبینیکراو) (دواى، 2007، 3).

خشتەی (1) بەهای کەمترین و بەرزترینی نیشاندەرەکان لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی

| ژ | نیشاندەر یان ڕەهەند | کەمترین بەها | بەرزترین بەها |
|---|---|---|---|
| 1 | تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە | 25 ساڵ | 85 ساڵ |
| 2 | ڕێژەی زانینی خوێندنەوە و نوسین لای پێگەیشتوان | سفر % | 100 % |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 3 | کۆی ڕێژەی تۆمارکردن لە قۆناغەکانی فێرکردن | سفر % | 100 % |
| 4 | بەشی تاکەکەس لەکۆی ڕاستەقینەی بەرهەمی ناوەخۆیی (دۆلار هەژمارکراوە یەکسانە بە هێزی کرین) | 100 دولار | 40000 دولار |

سەرچاوە پشت بەستن بە :[1] البرنامج الانمائي للأمم المتحدة، 2008، 344.

2-5: هەژمارکردنی ڕێبەری فێرکردن:

ڕێبەری فێرکردن هەڵدەستێت بە پێوانەکردنی ڕێژەی دەستکەوت و پێشکەوتنی زانستی وڵاتێک کە هەریەك لە ڕێژەی زانینی خوێندن و نوسینەوە لەنێو پێگەیشتوان کە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کێشی- ٣/٢ پێ دەدرێت، هەروەها تۆمارکردنی تێکرای ئەو قوتابیانەی کە لەقۆناغەکانی بنەرەتی و ئامادەیی و خوێندنی باڵا دان کە کێشی 3/1 پێ دەدرێت، ئەم نیشاندەری فێرکردن بەهەردوکیان لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کێشی 3/1 پێدەدرێت (الحسيني، 2021، 205).

نیشاندەری فێرکردن لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی دابەش دەبێ بۆ دو نیشاندەری سەرەکی کە ئەمانەن(عقل، 2014، 27-28):

أ) نیشاندەری ڕێژەی زانینی خوێندن و نوسین لەنێو پێگەیشتوان: ڕێژەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن دەقێکی سادە و کورت بخوێننەوە و بنوسن و تێبگەن دەربارەی ژیانی ڕۆژانەیان لە دانیشتوانی تەمەنی (١٥ ساڵ و زیاتر).

ب) نیشاندەری کۆی ڕێژەی تۆمارکردن بۆ فێرکردنی گشتی:

ئەم نیشاندەرە بریتییە لە ڕێژەی سەدی ژمارەی قوتابیانی ناونوسکراو بۆ گشت قۆناغەکانی فێرکردندا و لەنێو ئەو دانیشتوانانەی کە لە تەمەنی فێرکردنی گشتی دان (٦- ٢٢) ساڵ. دەتوانین لەڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە دەربهێنین:

کۆی ڕێژەی تۆمارکردن بۆ فێرکردنی گشتی =

$$\frac{\text{ژمارەی قوتابیانی ناونوسکراو بۆ گشت قۆناغەکانی فێرکردندا (٦- ٢٢) ساڵ}}{\text{ژمارەی ئەو دانیشتوانانەی کە لەتەمەنی هەمو قۆناغەکانی فێرکردندان}} \times 100$$

2-5. نیشاندەری بەشی تاکەکەس لە بەرهەمی ناوەخۆ:

هەژمارکردنی ڕێبەری تێکرای بەرهەمی ناوەخۆیی لەڕێگەی بەکارهێنانی بەشی تاکەکەس لەتێکرای بەرهەمی ناوەخۆیی کە (دۆلاری ئەمەریکی هەژمارکراوە کە یەکسانە بە هێزی کرین)، ئەم نیشاندەری داهات لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کێشی- 3/1 پێدەدرێت لە (ڕێبەری تێکرای بەرهەمی ناوەخۆیی) (الدعمی، 2009، 86)

سەبارەت بە دەرهینانی نیشاندەری بەشی تاکەکەس لە بەرهەمی ناوەخۆ دەتوانین بڵێین بریتیە لە دابەشکردنی کۆی بەهای بەرهەمی ناوەخۆ لەسەر کۆی دانیشتوان لەهەمان ساڵدا، لەڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە دەریدەهێنین(محمد، 2009، 193):

بەشی تاکەکەس لەکۆی بەرهەمی ناوەخۆ =

<u>کۆی بەهای بەرهەمی ناوەخۆ لەساڵێکی دیاریکراو</u>

ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا

هەروەها ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی بەنیشاندەرێك دادەنرێت بۆ دیاریکردنی ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی لە ناوچەیەکی دیاریکراو، بۆ ئەم مەبەستەش بەهاکەی لەنێوان (سفر – 1) دایە، لەسەر ئەم بنەمایەش بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتەکانی جیهانیان دابەشکردوە بۆ چوار ئاستی سەرەکی و ڕیزبەندکراون بەشێوەی لەسەرەوە بەرەوە خوارەوە، واتە لە باشترین بۆ خراپترین وەك لەخشتەی (2) دیارە.

خشتەی (2) ستاندەری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی پەرەپێدانی مرۆیی

| ژ | ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی | بەهاکەی |
|---|---|---|
| 1 | پەرەپێدانی مرۆیی زۆر بەرز | زیاتر لە 0, 800 |
| 2 | پەرەپێدانی مرۆیی بەرز | 0, 799 - 0, 700 |
| 3 | پەرەپێدانی مرۆیی مامناوەند | 0, 699 - 0, 550 |
| 4 | پەرەپێدانی مرۆیی نزم | کەمتر لە 0, 550 |

سەرچاوە: طلال منيهل كريم الزهيري، 2019، 18.

## تەوەری دوەم: کەتواری نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق:

### باسی یەکەم: نیشاندەرە فێرکارییەکان:

#### 1- دامەزراوە فێرکارییەکان:

فێرکردن بەیەکێك لە گرنگترین پایە گرنگ و بنەڕەتییەکانی پەرەپێدانی مرۆیی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك دادەنرێت، پشت بەست بەو ڕاستییەی کە پەروەردە فاکتەر و دەروازەیەکی سەرەکییە لەهەر کردارێکی پەرەپێداندا لەنێوانیشیاندا پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان ئەمە وێرای ئەوەی پێوەرێکی گرنگە، کە بەهۆیەوە دەکرێت ئاستی گوزەران و پێشکەوتنی رۆشەنبیری تاك و کۆمەڵگا بزانرێت، هەروەها پەروەردە نیشاندەرێکی گرنگە بۆ گەشەی ئابوری و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری کە هەمو ئەمانەش لەڕێگای پەرەپێدان توانا مرۆییەکان بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان(السوداني، 2013، 22):

خزمەتگوزاری فێرکاری: یەکێکە لە گرنگترین خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، کە پشت بە ئامادەکردنی کادری تەکنیکی و پیشەیی دەبەستێت لە پرۆسەی پەرەپێدان لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی هاوکات دڵنیایی دەدات لە مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی فێرکاری و پەرەپێدانی هەست و ئینتیمای نیشتمانی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش

بەشداری دەکات لە چارەسەرکردنی کێشە نیشتمانییەکان، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر بەرۆشەنبیرکردنی تاك(گۆران، 2022، 11).

لە ئێستادا سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بە سەرداهات، بە جۆرێک دابەش بو بە سەر سێ قۆناغ کە بریتیین لە: (باخچەی منداڵان، قوناغی بنەڕەتی لە پۆلەکانی(1-9)، ئامادەیی، پیشەیی، پەیمانگاکان و مەشقکردن)، هەروەها قۆناغی خوێندنی باڵا کەهەریەك لە (زانکۆکان، پەیمانگا تەکنیکیەکان) لەخۆدەگرێت.

## 2- ڕێژەیی تۆمارکردن لە قۆناغەکانی فێرکردن لەهەرێمی کوردستان:

### 2-1. تێکرای ناوتۆمارکردن لەقۆناغی فێرکردنی بنەڕتی:

پێویستە کۆی ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لەقۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی بەردەوامن ناویان تۆماربکرێت بە ڕەچاوکردنی تەمەنیان، چونکە ئەم قۆناغە لەدوای قۆناغی باخچەی منداڵان دەست پێ دەکات دوای ئەوەی منداڵ تەمەنی (6) ساڵی تەواو دەکات دەخرێتە ئەم قۆناغە و ماوەکەی (9) ساڵە کە لەپۆلی یەك دەستپێدەکات تا پۆلی نۆ، ئەوەش بە ناوتۆمارکردنی پوختەی ئەو قوتابیانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە قوتابخانە کردوە لەتەمەنی (6 – 15) ساڵی لەسەر کۆی دانیشتوانی هەمان گروپی تەمەن، ڕێژەی بەشداریکردنی ئەوانەی لەم قۆناغەن وەك نیشاندەرێکی گرنگ پشتی پێ دەبەسترێت لەچوارچێوەی ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی، هەربۆیە پێویستە توانستی ئەم قۆناغە بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی قوتابیان بەشیوەیەکی تەواو سود لێ ببینن.

بەسەیرکردنی خشتەی (3) دەردەکەوێت کە ڕێژەی ناونوسکردن بۆ ساڵی خوێندنی (2020 – 2021) لەسەرئاستی هەرێم (1250968) ملیۆن قوتابی بوە کەئەمەش ڕێژەی(83,5%)ی کۆی ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کەدەکەونە ئەو گروپەی تەمەن کەلەهەمان ساڵدا کۆی ژمارەیان (1497356) ملیۆن کەس بوە.

خشتەی (3) ڕێژەیی ناو تۆمارکردن بۆ قۆناغی بنەڕەتی بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2020 – 2021)

| پارێزگاکان | کۆی ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی فێرکردندا (6 – 15) ساڵ | | ناو تۆمارکردن لە فێرکردنی بنەڕەتی | | کۆی ڕێژەیی ناو تۆمارکردن(*) |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | |
| هەولێر | 555626 | 37,1 | 433110 | 34,6 | 77,9 |
| سلێمانی | 478589 | 32 | 405580 | 32,4 | 84،7 |
| دهۆك | 437475 | 29,2 | 393286 | 31,4 | 89,9 |
| هەڵەبجە | 25666 | 1,7 | 18992 | 1,5 | 73,9 |
| هەرێم | 1497356 | 100 | 1250968 | 100 | 83،5 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، ساڵی2022.

[*]بۆدەرهێنانی کۆی ڕێژەی ناوتۆمارکردن =ژمارەی ناو تۆمارکردن ÷ ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی فێرکردن ×100

- سەرچاوە: طلال منهیل کریم الزهیری، المصدر السابق، ص114.

هەروەها سەبارەت بە ڕێژەی ناونوسکردن لەسەرئاستی پارێزگاکانی هەرێم پارێزگای دهۆك بەرزترین ئاستی پەیوەندی کردنی تێدا تۆمارکراوە کە کۆی ڕێژەکەی بریتیبوە لە (89,9%) لەکۆی ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی (6- 15) ساڵی، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیەش لەم پارێزگایە و بەرزی ژمارەی پەیوەندیکردنی قوتابیان کە زیاترە لە هەمان ژمارەی گروپی تەمەنی دیاریکراو واتە تەمەنی (6 – 15)ساڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی گەورەی قوتابیان پەیوەندییان بە قوتابخانە بنەڕەتیەکان کردوە تەمەنیان گەورەترە لە (15)ساڵی، ئەوەش بەهۆکاری دوبارەبونەوەی ژمارەی ساڵانی کەوتن و مانەوەیان یاخود نەیانتوانیوە لەتەمەنی دیاریکراو پەیوەندی بە قوتابخانە بنەڕەتیەکانەوە بکەن بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی بونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەر لەم پارێزگایە.

کەچی پارێزگای هەڵەبجە نزمترین ئاستی پەیوەندی کردنی تێدا تۆمارکراوە کە کۆی ڕێژەکەی بریتی بوە لە (73,9%)ی لەکۆی ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی (6- 15) ساڵی، هەرچی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی یە ڕێژەی ناونوسکردن یەك بەدوای یەکی (77,9%) و (84,7%) بونە.

## 2-2. تێکڕای ناوتۆمارکردن لەقۆناغی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی و پەیمانگا و مەشق کردن:

بەسەیرکردنی خشتەی (4) دەردەکەوێت کەڕێژەی ناونوسکردنی قۆناغی ئامادەیی و پیشەیی و پەیمانگاکانی مەشق کردن بۆ ساڵی خوێندنی (2020 – 2021) لەسەرئاستی هەرێم (284796) هەزار خوێندکار بوە کەئەمەش ڕێژەی(73,2%)ی کۆی ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ئەو گروپەی تەمەن کە لەهەمان ساڵدا کۆی ژمارەیان (389121) هەزار کەس بوە.

هەروەها سەبارەت بە ڕێژەی ناونوسکردن لەسەرئاستی پارێزگاکانی هەرێم پارێزگای دهۆك بەرزترین ئاستی پەیوەندی کردنی تێدا تۆمارکراوە کە کۆی ڕێژەکەی بریتی بوە لە (89%) لەکۆی ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی (15- 18) ساڵی، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیەش لەم پارێزگایە بونی ئاوارە و پەنابەرێکی زۆر لەناوەوە و دەرەوەی عێراق ڕویان لەم پارێزگایە کردوە و نیشتەجێی ناوچەکەن و بۆ درێژەدان بەخوێندنیان پەیوەندی بەدامەزراوە فێرکارییەکانەوە دەکەن بەتایبەتی لەم قۆناغە.

کەچی پارێزگای هەولێر نزمترین ئاستی پەیوەندی کردنی تێدا تۆمارکراوە کە کۆی ڕێژەکەی بریتیبوە لە (52%)ی لەکۆی ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی (15- 18) ساڵی، هۆکاری کەمی ڕێژەی پەیوەندی کردنی خوێندکاران بەم قۆناغەی فێرکردن کەمی خوێندنگا ئامادەییەکان لەگوندەکانی پارێزگاکەیە، هەرچی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە یە ڕێژەی ناونوسکردن یەك بەدوای یەکی (81,7%) و (75,9%) بونە.

خشـــتەی (4) ڕێژەیی تۆمارکردن بۆ قۆناغی ئامادەیی و پیشـــەیی و پەیمانگاکانی مەشـــقکردن بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2020 – 2021)

| پارێزگاکان | کـۆی ژمـارەی دانـیشـــتـوان لەتەمەنی فێرکردنـدا (15 – 18 ساڵ | | نـاو تۆمـارکردن لە فێرکردنی ئـامـادەیی و پـیشـــەیی و پەیمانگاکانی مەشق کردن | | کۆی ڕێژەیی نـاو تۆمارکردن(*) |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | |
| هەولێر | 138045 | 35,5 | 71876 | 25,2 | 52 |
| سلێمانی | 132359 | 34 | 108117 | 38 | 81,7 |
| دهۆك | 111620 | 28,7 | 99418 | 34,9 | 89 |
| هەڵەبجە | 7097 | 1,8 | 5385 | 1,9 | 75,9 |
| هەرێم | 389121 | 100 | 284796 | 100 | 73,2 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: هەمان سەرچاوەی خشتەی(3).

(*)بۆدەرهێنانی کۆی ڕێژەی ناوتۆمارکردن =ژمارەی ناو تۆمارکردن ÷ ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی فێرکردن ×100

سەرچاوە: طلال منهيل كريم الزهيري، المصدر السابق،ص114.

**2-3. تێکڕای ناوتۆمارکردن لە قۆناغی فێرکردنی خوێندنی باڵا (زانکۆکان و پەیمانگاکان):**

بەسـەیرکردنی خشـتەی (5) دەردەکەوێت کەڕێژەی ناونوسـکردنی قۆناغی خوێندنی باڵا کە (زانکۆکان و پەیمانگاکان) دەگرێتەوە بۆ ســاڵی خوێندنی (2020 – 2021) لەســەرئاســتی هەرێم (526004) هەزار خوێندکار بوە کەئەمەش ڕێژەی(38,8%)ی کۆی ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کەدەکەونە ئەو گروپەی تەمەن کەلەهەمان ســاڵدا کۆی ژمارەیان (203986) هەزار کەس بوە.

هەروەها سـەبارەت بە ڕێژەی ناونوسـکردن لەسـەرئاسـتی پارێزگاکانی هەرێم پارێزگای سـلێمانی بەرزترین ئاسـتی پەیوەندی کردنی تێدا تۆمارکراوە کە کۆی ڕێژەکەی زیاتر لە (43%) لەکۆی ژمارەی دانیشتوان لەتەمەنی (18- 22) ساڵی بوە.

خشـــتەی (5) ڕێژەیی تۆمارکردن بۆ خوێندنی باڵا (زانکۆکان و پەیمانگاکان) بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردســتان بۆ ســاڵی خوێندنی (2020 – 2021)

| پارێزگاکان | کۆی ژمارەی دانیشــتوان لەتەمەنی فێرکردندا (19 – 22) ساڵ | | ژمارەی ناو تۆمارکردن لە خوێندنی باڵا (زانکۆکان و پەیمانگاکان) | | کـۆی ڕێـژەیی نـاو تۆمارکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە % | ژمارە | ڕێژە % | |
| هەولێر | 176472 | 33,5 | 72002 | 35,3 | 40,8 |
| سلێمانی | 171387 | 32,6 | 81038 | 39,7 | 47,3 |
| دهۆك | 168956 | 32,1 | 47741 | 23,4 | 28,2 |
| هەڵەبجە | 9189 | 1,7 | 3205 | 1,6 | 34,9 |
| هەرێم | 525004 | 100 | 203986 | 100 | 38,8 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، میلاکاتی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی 2020- 2021.

کەچی پارێزگای دهۆك نزمترین ئاســتی پەیوەندی کردنی تێدا تۆمارکراوە کە کۆی ڕێژەکەی زیاتر لە (28%)ی لەکۆی ژمارەی دانیشـــتوان لەتەمەنی (18- 22) ســـاڵی بوە، هۆکاری کەمی ڕێژەی پەیوەندیکردنی خوێندکاران بەم قۆناغەی فێرکردن لەم پارێزگایە بونی کەمی ژمارەی زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانەوە بەبەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر و ئەمە وێرای کەمی ژمارەی دانیشـــتوانی پارێزگای دهۆك، هەرچی پارێزگاکانی هەولێر و هەڵەبجە یە ڕێژەی نـاونوســـکردنی خوێندکارانی ئەم قۆناغە یەك بەدوای یەکی (40,8%) و (34,9%) بونە.

### 3. تێکڕای زانینی خوێندنەوە و نوسین لەنێو پێگەیشتواندا (15 ساڵ و زیاتر):

بۆ زانینی ڕێژەی سەدی ژمارەی ئەو پێگەیشتوانەی کە خاوەن خوێندن و نوسینن لەکۆی ژمارەی دانیشتوانی هەمان گروپی تەمەن، هەروەها تێکڕای زانینی خوێندنەوە و نوســین لەنێو پێگەیشـــتواندا یەکێکە لە نیشـــاندەرە گرنگەکان بۆ پێوانەکردنی پێشکەوتن بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی پەرەپێدان(الشبری، 2007، 109).

بەسەیرکردنی خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەیی ئەو پێگەیشتوانەی کەدەزانن بخوێنن و بنوسن لەگروپی تەمەنی (15 ســاڵ و زیاتر) لە ســەر ئاســتی پارێزگاکانی هەرێمی کوردســتان بۆ ســاڵی (2021) بریتی بوە لە (83,4%)، بەواتایەی ڕێژەی ئەوانەی کەتوانای خوێندن و نوسینان نەبێ کەمترە لە (17%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێم پێك دێنن.

خشتەی (6) دابەشبونی ڕێژەیی تێکڕاکانی نەخوێندەواری و زانینی خوێندنەوە و نوسین لەنێو پێگەیشتواندا (15 ساڵ و زیاتر) لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)

| پارێزگاکان | ڕێژەی نەخوێندەواری (%) | ڕێژەی تێکڕای زانینی خوێندنەوە و نوسین (%) |
|---|---|---|
| **هەولێر** | 13,6 | 86,4 |
| **سلێمانی** | 16,5 | 83,5 |
| **دهۆك** | 18,7 | 81،3 |
| **هەڵەبجە** | 17,8 | 82،2 |
| **هەرێم** | 16,6 | 83,4 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،2021.

هەروەها لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ئەوانەی توانای خوێندن و نوسینیان هەیە ڕێژەیان لە (80%) زیاتر بوە لەتەواوی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ بونی جیاوازی لەنێوانیان بەجۆرێك ئەم ڕێژەیە لەپارێزگای هەولێر زۆرترین ڕێژەی تۆماردەکات کە گەیشتۆتە(86,4%) لەکاتێکدا کەمترینیان لەپارێزگای دهۆك بو (81,3%) لەبەرامبەردا ئەم ڕێژانە لەهەریەك لەپارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە یەك بەدوای یەك (83,5%) و (82,2%) بوە.

ئەم جیاوازییە لە نەخوێندەواری لەنێو پارێزگاکانی هەرێم و هەڵبەز و دابەزین دەبینرێت ئەمەش لەدەرئەنجامی هۆکارەکانی ئابوری کەخۆی لەهەژاری و بێکاری و هەروەها لایەنی کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە، دیارە ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی، چونکە نەخوێندەواری کێشەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیە و هۆکارێکە لەهۆکارەکانی دواکەوتویی، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ڕێژەی نەخوێندەواری لەهەرێم و پارێزگاکان کەمبکەینەوە پێویستە قوتابخانەی زیاتر بکەینەوە لەهەمو ناوچەکان و ئەمە وێڕای کردنەوەی سەنتەرەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

**باسی دوەم: نیشاندەرە تەندروستیەکان:**

نیشاندەرە تەندروستییەکان بەسەروەتێکی گرنگی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە بەیەکێك لەئامانجە سەرەکیەکانی پەرەپێدانی مرۆیی دادەنرێت، هەربۆیە لەسەر ئەم بنەمایە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی تەندروستی کردوە (بونی بارودۆخێکی تەواو جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتییە، بەڵکو تەنها نەخۆشی نییە) (Lawton , 1986, p148, Gould).

سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی کە هەمو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە لەلایەن پۆلێک لە کەسانی پسپۆڕ لە بواری پزیشکی و چارەسەری مرۆڤدا ئەنجام دەدرێن، ئەمە وێڕای ئەوەی کە نیشاندەرێکی گرنگە بۆ پێوانەکردنی ئاستی پەرەپێدان و ئاوێنەیەکە بۆ ڕەنگدانەوەی واقیعی پەرەپێدان، بەو پێیەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان پێشکەوتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و واقیعی پەرەپێداندا هەیە، بۆیە گرنگیدان بە خزمەتگوزارییە

تەندروستییەکان و چارەسەری باشی نەخۆشییەکان لە نێو دانیشتواندا کاریگەری ئەرێنی لەسەر واقیعی پەرەپێدان لە کەرتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان و چالاکییەکانی دیکەیدا بەجێدەهێڵێت(الأقداحي، 2009، 99-100).

هەر بۆیە نزمبونەوەی ئاستی تەندروستی بەیەکێك لەهۆکارە کاریگەرییەکانی پەرەپێدان دادەنرێت، بۆ باسکردنی نیشاندەری تەندروستی لەڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی تەنها تیشك دەخەینە سەر ئەم نیشاندەرە:

**- نیشاندەری تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە:**

نیشاندەرێکە ئاماژە بەو ماوەیە دەکات کەهەر مرۆڤێك دەژیت لە هەر وڵاتێکدا(المقداد، 2011، 53)، هەربۆیە نیشاندەری تەمەنی پێشبینیکراو لە کاتی لەدایکبوندا نیشاندەرێکی گرنگە، چونکە ناوەندی ئەو ساڵانە دەخەملێنێت کە پێشبینی دەکرێت منداڵێکی تازە لەدایکبو پێدا بڕوات، هەروەها پێشکەوتنی تەندروستی و بەردەستبون و فەراهەمکردنی ئامرازەکانی خۆپاراستن و چارەسەری هۆکارێکی گرنگ پێکدەهێنن بۆ نزمبونەوەی ڕێژەی مردن بەتایبەتی لەنێو تەمەنە بچوکەکان کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ناوەندی تەمەنی تاکەکەس کە هەمیشە لە کاتی لەدایکبونیدا حیسابی بۆ دەکرێت، هەروەها بەیەکێك لە نیشاندەرە بنەڕەتیەکان دادەنرێت چونکە کاردەکات بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە دانیشتوان، کەئەمەش بە یەکێکە لە گرنگترین سیاسەتەکانی پەرەپێدانی مرۆیی دادەنرێت چونکە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤدا هەیە، وەک تەمەنی درێژی مرۆڤ پەیوەندی بە جۆری خۆراکی باش و چاودێری تەندروستی گشتگیرەوە هەیە(العیسی، 1999، 244).

هەروەها بونی تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی وەک نیشاندەرێک بۆ پێوانەکردنی درێژی تەمەن پێشوازییەکی گەورەی لێکرا کاتێک بۆ یەکەمجار لە ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی لە ساڵی (١٩٩٠) بەکارهات، چونکە لەڕێگەیەوە دەتوانرێن کۆی کاریگەری هۆکارە تەندروستییەکان لەسەر کۆمەڵگا بەدیاربخات، ئەمەش لەڕێگەی پێشکەوتنی تەندروستی هەر لە کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان و دایکان و هەندێک نیشاندەری کە بۆ ئاسایشی تەندروستی کاردەکەن(العانی، 2015، 93).

بەسەیرکردنی خشتەی (7) دەردەکەوێت تێکڕای تەمەنی پێشبینیکراو لەسەر ئاستی هەرێم بۆ ساڵی (2021) لەسەر ئاستی هەرێم تێکڕای هەڵدەکشێ و دەگاتە (75,3%) لەئەنجامی سەقامگیری ئاسایش و سیاسی دەگەڕێتەوە، هەروەها باشبونی بارودۆخی تەندروستی و پێشکەوتنی کەرتی تەندروستی هەر لەڕوی نەخۆشخانە و بونی دەرمان و دۆزینەوەی نەخۆشییەکان و هەوڵی چارەسەرکردنیان، باشبونی بارودۆخی ئابوری هەمو ئەمانە وایکردوە ڕێژەی مردن کەمتربێتەوە بەتایبەتی لەنێو گروپی منداڵان.

خشتەی (7) تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە بەساڵ بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)

| پارێزگاکان | ساڵی 2021 |
|---|---|
| **هەولێر** | 75,2 |
| **سلێمانی** | 76,1 |
| **دهۆك** | 73,8 |
| **هەڵەبجە**(*) | 76,1 |


| | |
|---|---|
| هەرێم | 75,3 |

سەرچاوە: جمهورية العراق، وزارة الصحة/البيئة، التقرير الاحصائى السنوى، لسنة2021،ص8.

(*) ســەبارەت بەپارێزگای هەڵەبجە لەچوارچێوەی پارێزگای ســلێمانی هەژمارکراوە لەبەرئەوەی تا ئێســتاش لەلایەن دامەزراوە حکومیەکانی عێراق وەك قەزایەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

هەر لەم سۆنگەیەوە دەبینین لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم تێکڕای تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە لەساڵی (2021) ئەم تێکڕایە لە ســاڵی 2021 بەجۆرێك پارێزگاکانی ســلێمانی و هەڵەبجە و هەولێر و دهۆك بەژمارەی یەك بەدوای یەکی هاتو (76,1، 76,1، 75,2، 73,8) بوە هەروەکو لەشێوەی (1) دیارە.

سەبارەت بەبونی جیاوازی لەنێو پارێزگاکانی هەرێم لەڕوی تێکڕای تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە بەڕونی دیارە، بەجۆرێك لەســاڵی 2021 پارێزگاکانی ســلێمانی و هەڵەبجە لەپێشــەنگ دەبینرێن، بەڵام پارێزگای دهۆك لە پلەی کۆتایی دێت ئەوەش نزمی ئاســتی خزمەتگوزاری تەندروســتی و ئابوری و بونی بێکاری و بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری کە ئەو پارێزگایە پێ ناسراوە لەنێو پارێزگاکانی هەرێم و هەروەها بونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەرلەو پارێزگایە، ئەوەش وایکردوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریکاتە سەر ناوەندی درێژی تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە، بەم پێەش بێت کاردەکاتە سەر جیاوازی نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەناوچەی لێکۆڵینەوە.




شێوەی (1) تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی ( 2021)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: خشتەی (7)

### باسی سێیەم : نیشاندەری ئابورییەکان:

#### 1- نیشاندەری داهات:

نیشاندەری داهات بەیەکێک لە نیشاندەرە سەرەکییەکان دادەنرێت لە پێوانەکردنی پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی، بەو پێیەی ئاستی ژیانی تاک و خێزان پێوانە دەکات، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان نیشاندەرە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی خێزان(الجياشى، 2010، 56).

هەروەها یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی کە کار بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی ئابوری تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، جگە لەوەی یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی گەیشتن بە پەرەپێدانی مرۆیی لەپاڵ پێوەرەکانی پەروەردە و تەندروستی، بۆیە سودەکانی داهاتیش دەبێت ڕەنگبداتەوە لە چالاکییە جیاوازەکان بۆ باشترکردنی ژیان و بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، چونکە داهات بەشدارییەکی بەرچاو دەکات لە خۆشگوزەرانی مرۆڤدا (الشيبى، 2003، 3)، هەربۆیە مرۆڤ ئامانج و ئامرازی پەرەپێدانە و ئامانجی بونیشی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئامانجی کۆتایی پرۆسەی پەرەپێدان بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی مرۆڤە لەڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی ڕاستەقینەی خۆی و تێرکردنی پێداویستییەکانی و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی، کەواتە داهات یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی پەرەپێدانی مرۆیی دا لەڕێگایەوە دەتوانین بەشی تاك لەتێکرای بەرهەمی ناوخۆیی دیاری بکەین و بگەین بە نیشاندەری داهات، هەربۆیە پەرەپێدانی مرۆیی کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی داهات و سامان هەرچەندە داهات لە بژاردە هەرە گرنگەکان نیە بەڵام هەر بەرەگەزێکی سەرەکی دەستپێکردنی پرۆسەکانی پەرەپێدانی مرۆیی و فەراهەم کردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکاندا دادەنرێت.

### 2- داهاتی بەشی تاکەکەس لە بەرهەمی ناوخۆ:

بەتێبینی کردنی خشتەی (8) تایبەت بە دابەشبونی ناوەندی بەشی تاکەکەس لە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆ بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (2021)، دەبینین کۆی گشتی داهاتی تاکەکەس لەسەر ئاستی هەرێم بڕەکەی گەیشتۆتە (1،740،842) ملیۆن دینار کە دەکاتە (1200) دۆلار.

خشتەی (8) دابەشبونی ناوەندی بەشی تاکەکەس لە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆ بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (2021)

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوانی نیوەی ساڵ | تێکڕای بەرهەمی ناوخۆ بەدینار | | داهاتی تاکەکەس بەدینار | داهاتی تاکەکەس بە دۆلاری ئەمەریکی(*) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە % | | |
| **هەولێر** | 2277240 | 3,570,115,070,000 | 32،9 | 1،567،737 | 1081،2 |
| **سلێمانی** | 2171900 | 4,449,232,595,850 | 41 | 2،048،543 | 1412،8 |
| **دهۆك** | 1668712 | 2,616,101,200,000 | 24،1 | 1،567،736 | 1081،1 |
| **هەڵەبجە** | 116490 | 217,562,134,150 | 2 | 1،867،646 | 1288 |
| **هەرێم** | 6234343 | 10،853،011،000،000 | 100 | 1،740،842 | 1200 |

سەرچاوە: 1- جمهورية العراق، الجريدة الرسمية لجمهورية العراق،2021، ص54.

2- جمهورية العراق، وزارة المالية، 2021.
3- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابوری، ساڵی 2021.
4- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەهامەهەنگی کۆمپانیای دیلۆیت، لەساڵی ٢٠٢١،لا 6.
5- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابوری، بۆ ساڵی 2021.
(*) سەبارەت بەنرخی دۆلار بەرامبەر دیناری عێراقی لەساڵی 2021 بەم شێوەیە بوە: 100 دۆلار بەرامبەر 145000 هەزار دیناری عێراقی هەژمارکراوە.

لەســەر ئاســتی پارێزگاکانی هەرێمیش هەریەك لەپارێزگاکانی ســلێمانی و هەڵەبجە کەرێژەکەیان یەك بەدوای یەك (41%) و (2%) بوە و ئەم دو پارێزگایە داهاتی بەشی تاکەکەســیان لەهەرێم زیاتر بوە کەبڕەکەیان یەك بەدوای یەك (2،048،543) و (1،867،646) ملیۆن دینار بوە کە ئەم بڕە بەدۆلار یەك بەدوای (1412) و (1288) دۆلار بوە، هۆکاری بەرزی داهاتی تاکەکەس لەم پارێزگایە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی دانیشــتوان بەبەراورد بەپارێزگاکانی تر، بەجۆرێك بەهەردو پارێزگا ڕێژەی دانیشــتوانیان (36,7%) کەچی بڕی ئەو داهاتەی بەســەر ئەم دو پارێزگایە دابەشــکراوە ڕێژەکەی (43%)ی کۆی داهاتی هەرێمی کوردستانی لەخۆگرتوە.

ئەمە لەکاتێکدا هەریەك لەپارێزگاکانی هەولێر و دهۆك کەرێژەکەیان یەك بەدوای یەك (32,9%) و (24,1%) بوە و ئەم دو پارێزگایە داهاتی بەشی تاکەکەســیان لەهەرێم کەمتر بوە کەبڕەکەیان یەك بەدوای یەك (1،567،737) و (1،567،736) ملیۆن دینار بوە کە ئەم بڕە بەدۆلار یەك بەدوای (1081,2) و (1081,1) دۆلار بوە.

## تەوەری ســێیەم: پێوانەکردنی دەلیلی پەرەپێــدانی مرۆیی (Human Development Index)(HDI ) لەهەرێمی کوردستان:

هەروەکو لە بەشــەکانی پێشــو لێکۆڵینەوە لەســەر پێوەرەکانی پەرەپێدان کرا کە بەبنەمای پێوانەکردنی ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردســتان دادەنرێت، ئەوەش پشــت بەسێ نیشــاندەری ســەرەکی دەبەســتێت کەئەمانەن: نیشــاندەری فێرکردن کەخۆی لەهەردو نیشاندەری ڕێبەری کۆی گشتی پەیوەندی کردن و ڕێبەری زانینی خوێندنەوە و نوسین دەگرێت، نیشــاندەری تەندروســتی کە خۆی لەڕێبەری تەمەنی پێشــبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە دەبینێتەوە، هەروەها نیشــاندەری داهات کە ڕێبەری داهاتی تاکەکەسی سالانە بە دۆلار، ئەمەش نوێنەرایەتی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەری دەکات بۆ هێزی کڕین کە بە دۆلار ڕێکخراوە، و ئەدای هەریەکێک لەم نیشاندەرانە بەپێی ئەو هاوکێشەیەی کە لە ڕێگەیەوە پێوەرەکانی نیشــاندەر یان پێوەرەکانی ڕەهەندەکان هەژمار دەکرێت بۆ دیاریکردنی کەمترین و بەرزترین بەها بۆ هەریەك لە نیشــاندەرە ســەرەکیەکان و گۆڕینی نیشــاندەرەکان بۆ ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کە بەهاکەی لەنێوان (ســفر – 1) دایە، کە بەپێی ئەم هاوکێشەیە دەبێت(الجابری، 2019، 220):

بەهای ڕاستەقینە – کەمترین بەها

ڕێبەری ڕەهەند = ________

بەرزترین بەها – کەمترین بەها

بۆ هەژمارکردنی ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردســتان بۆ ســاڵی 2021 کە ئەمەش لەڕێگەی پشــت بەســتن بەکۆمەڵێك هاوکێشەی بیرکاری بەستراوە و لەگەڵ چەند نیشاندەرێکەوە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1- هەژمارکردنی ڕێبەری فێرکردن: ئەو ڕێبەرەی فێرکردن ڕێژەی گشتی پەیوەندی کردن لەهەرێم بریتی بوە لە (72,1% ) و ڕێژەی ڕێبەری زانینی خوێنــدنەوە و نوســـین بریتی بوە لە(83,4% ) بەم شـــێوەیەی خوارەوە ڕێبەری فێرکردن هەژمارکراوە:

72,1 - سفر

أ) ڕێبەری ڕێژەی گشتی پەیوەندیکردن= ــــــــــ = 0,721

100 – سفر

83,4 - سفر

ب) ڕێبەری تێکڕای زانینی خوێندنەوە و نوسین = ــــــــــ = 0,834

100 – سفر

ڕێبەری فێرکردن = 3/1 (ڕێبەری ڕێژەی گشتی پەیوەندیکردن) + 3/2(ڕێبەری تێکڕای زانینی خوێندنەوە و نوسین).

0,796 = (0,556) + (0,240) = (0,834)3/2 + (0,721)3/1 =

2- هەژمارکردنی ڕێبەری تەمەنی پێشـــبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە: ڕێژەی تەمەنی پێشـــبینیکراو لەهەرێم بریتیبوە لە (71,9%) بۆ ساڵی 2021 بەپێی ئەم هاوکێشەی خوارەوە دەرهێنراوە:

50,3 25 – 75,3

ڕێبەری تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە = ــــــــ = ـــ = 0,83

60 25 – 85

3- هەژمـارکردنی ڕێبەری تیکڕای بەرهەمی نـاوخۆ (ڕێبەری داهـات): ڕێبەری تیکڕای بەرهەمی نـاوخۆ بەگوێرەی بەشی تاکەکەســـە بە دۆلار، هەربۆیە بەشی داهاتی تاکەکەس لەتیکڕای بەرهەمی ناوخۆ لەهەرێم بریتی بوە لە (1200) دۆلار بۆ ساڵی 2021 بەپێی ئەم هاوکێشەی خوارەوە دەرهێنراوە:

1,080 2 – 3,079 لۆگارتیم 1200 – لۆگارتیم 100

ڕێبەری داهات = ــــــــــ = ـــــ = ـــ = 0,415

2,602 2 – 4,602 لۆگارتیم 40000 – لۆگارتیم 100

لەپاشان بۆ دەرهێنانی ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی هەڵدەستین بە کۆکردنەوە هەرسێ ڕەهەندی سەرەکی و دابەشی 3 دەکەین وەك لەم هاوکێشەیە دیارە:

ڕێبەری فێرکاری + ڕێبەری تەندروستی + ڕێبەری داهات

ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی= ______________

3

0,415 + 0,83 + 0,796

ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی = ______ = 0,680

3

بەسەیرکردنی خشتەی (9) تایبەت بە بەهای نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)، دەبینین هەرێمی کوردستان لە ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی مامناوەند لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کە بەهاکەی بریتی بوە لە (0,680) ئەمەش بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ساڵی 2021 کەدیاریکراوە و بەهای ڕێبەری بێبەشبون لەناوچەی لێکۆڵینەوە بریتی بوە لە (0,320)، ئەم بەهایەی ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان ئەگەر بەراورد بکەین بە وڵاتی سویسرا کە لەپلەی یەکەم دێت ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی زۆر بەرز لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کە بەهاکەی بریتی بوە لە (0,962) و وڵاتی عێراق لە پلەی 121 دێت و ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی مامناوەند لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی کە بەهاکەی بریتی بوە لە (0,686) لەڕاپۆرتی ساڵی 2021 دیاریکراوە، کە نەتەوە یەکگرتوەکان وڵاتەکانی جیهانیان دابەشکردوە بۆ چوار ئاستی سەرەکی و ڕیزبەند کراون بەشێوەی لەسەرەوە بەرەوە خوارەوە، واتە لە باشترین بۆ خراپترین.

هەر لەخشتەکەدا دیارە ڕێبەری فێرکاری کە خۆی لە تێکڕای پەیوەندیکردن و زانینی خوێندن و نوسین دەبینێتەوە لەسەر ئاستی هەرێم بەهاکەی بریتی بوە لە (0,796) و هەروەها ڕێبەری تەندروستی کە خۆی لەتەمەنی پێشبینیکراو دەبینێتەوە بەهاکەی بریتی بوە لە (0,83) و سەبارەت بە ڕێبەری داهات لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەهاکەی بریتی بوە لە(0,415)، نزمی بەهای ڕێبەری داهات لەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی قەیرای دارایی کە لەساڵی 2014 بودجە و موچەی هەرێم لەلایەن بەغداوە بڕاوە و لەساڵی 2021 پەتای کۆرۆنا سەرەتاپای جیهانی گرتەوە و بوە هۆی دابەزینی ئاستی ئابوری هەمو وڵاتان، ئەمە وێرای ئەوەی دابەزینی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهان کاریگەری ڕاستەوخۆی دانیشتوانی هەرێم هەبوە، چونکە نەوت بە بڕبڕەی پشتی ئابوری هەرێم دادەنرێت بەڕێژەی (53%) بەشداری دەکات لەداهاتی هەرێم (حکومەتی هەرێم بەهامەهەنگی کۆمپانیای دیلۆیت، ٢٠٢١، 6)، ئەمەش کاریگەری لەسەر نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان هەبوە.

هەر بەسەیرکردنی خشتەی (9) تایبەت بە بەها و نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)، دەبینین ئاستی پەرەپێدانی مرۆیی لەپارێزگاکانی هەرێم دابەش بۆتە سەر دو ئاستی سەرەکی:

ئاستی یەکەم: پەرەپێدانی مرۆیی بەرز (0,700- 0,799):

ئەم ئاستە پارێزگای سلێمانی لەخۆدەگرێت کاتێ بەهای لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی بریتی بوە لە (0,700)، بەمەش لەنێو پارێزگاکانی هەرێم لەپلەی یەکەم دایە و هۆکاری بەرزی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی تێکڕای پەیوەندیکردن بە فێرکردن و زانینی خوێندن و نوسین و درێژی تەمەن پێشبینیکراو و هەروەها بەرزی تێکڕای داهاتی تاکەکەس لەبەرهەمی ناوخۆیی، ئەمە وێڕای ئەوەی نزمی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و لەڕوی ڕێژەی نەخوێندەواری دوەم پارێزگایە هەمو ئەمانە هۆکاری بەرزی بەهاکەیە لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی.

ئاستی دوەم: پەرەپێدانی مرۆیی مامناوەند (0,550- 0,699):

ئەم ئاستە هەریەك لەپارێزگاکانی هەڵەبجە و هەولێر و دهۆك لەخۆدەگرێت کە بەهاکانیان یەك بەدوای یەك بوە لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی و بریتی بوە لە (0,681) و (0,674) و (0,666)، بەمەش پارێزگای هەڵەبجە لەنێو پارێزگاکانی هەرێم لەپلەی دوەم دایە و هەریەك لەپارێزگاکانی هەولێر و دهۆك لەپلەکانی سێیەم و چوارەم دێن، سەبارەت بە پارێزگای دهۆك کە بەهاکەی لەهەمویان کەمترە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کورتی تەمەن پێشبینیکراو و هەروەها نزمی تێکڕای داهاتی تاکەکەس لەبەرهەمی ناوخۆیی، ئەمە وێڕای ئەوەی بەرزی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و لەڕوی ڕێژەی نەخوێندەواری لەپلەی یەکەم دایە ئەوەش بۆتە نزمی بەهاکەی لە ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی.


هەروەها هەر لەخشتەی (9) سەبارەت بەڕێبەری بێبەشبون لەسەر ئاستی هەرێم بەهاکەی بریتی بوە لە (0,320)، سەبارەت بە پارێزگاکان دەبینین پارێزگای دهۆك لەپلەی یەکەم دێت کە ڕێبەری بێبەشبونی گەیشتۆتە (0,334) و پارێزگای سلێمانی لەپلەی کۆتایی دێت کە ڕێبەری بێبەشبونی بریتی بوە لە (0,300).

خشتەی (9) بەها و نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021)

| پارێزگا | فێرکردن | | | | | تەندروستی | | داهات | | ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی | ڕێبەری بێبەشبون(*) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕێژەی پەیوەندی کردن | ڕێبەری پەیوەندی کردن | ڕێژەی زانینی خوێندنەوە و نوسین | ڕێبەری زانینی خوێندنەوە و نوسین | ڕێبەری فێرکردن | تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە | ڕێبەری تەمەنی پێشبینیکراو لەکاتی لەدایکبونەوە | تێکڕای داهاتی تاکەکەسی ساڵانە بە دۆلار | ڕێبەری داهات | | |
| هەولێر | 0,663 | 0,221 | 0,864 | 0,576 | 0,797 | 75,2 | 0,83 | 1081،2 | 0,397 | 0,674 | 0,326 |
| سلێمانی | 0,760 | 0,253 | 0,835 | 0,556 | 0,809 | 76,1 | 0,85 | 1412،8 | 0,441 | 0,700 | 0,300 |
| دهۆك | 0,752 | 0,250 | 0,813 | 0,542 | 0,792 | 73,8 | 0,81 | 1081،1 | 0,397 | 0,666 | 0,334 |
| هەڵەبجە | 0,657 | 0,219 | 0,822 | 0,548 | 0,767 | 76,1 | 0,85 | 1288 | 0,426 | 0,681 | 0,319 |
| هەرێم | 0,721 | 0,240 | 0,834 | 0,556 | 0,796 | 75,3 | 0,83 | 1200 | 0,415 | 0,680 | 0,320 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بەخشتەکانی: (3) + (4) + (5) + (6) + (7) + (8).

ڕێبەری بێبەشبون لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە دەرهێنراوە: تێکڕای بێبەشبون = ( 1 - ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی). بڕوانە: صلاح عثمان عبد صالح العاني، المصدر السابق, ص 160.




نەخشەی ٣ بەها و نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی
بەگوێرەی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١

سەرچاوە :کاری توێژەر پشت بەستن بە: خشتەی ٩+ هەمان سەرچاوەی نەخشەی ١

## ئەنجامەکان

توێژینەوە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1- بەهای ڕێبەری فێرکاری بەرزبۆتەوە لەسەر ئاستی هەرێم گەیشتۆتە (0,796) ئەمەش لەئەنجامی بەرزی ڕێژەی پەیوەندی کردن بەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندن بوە، ئەمە وێڕای نزمبونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری.
2- سەبارەت بەبەهای ڕێبەری تەندروستی لەسەر ئاستی هەرێم گەیشتۆتە (0,830) ئەمەش بەبەراورد بە نیشاندەرەکانی فێرکاری و داهات بەرزترین ئاستی تۆمارکردوە و لەپێشەنگی نیشاندەرەکان دێت.
3- ناوەندی داهاتی تاکەکەس لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021) بریتی بوە لە (1200) هەزار دۆلار، کەچی پارێزگای سلێمانی لەپێشەنگ دێت کەداهاتی تاکەکەس گەیشتۆتە (1412) هەزار دۆلار، بەڵام هەریەك لەپارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەڵەبجە داهاتی تاکەکەسیان یەك بەدوای یەك گەیشتۆتە (1081) و (1081) و (1288)هەزار دۆلار.

4- بەهای ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی لەهەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (0,680) ئەمەش بەگوێرەی ئاستەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەرەپێدانی مرۆیی دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی مامناوەند و بەهای بێبەشبون گەیشتۆتە (0,320).

5- سەبارەت بەبەهای ڕێبەری پەرەپێدانی مرۆیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دیارە پارێزگای سلێمانی لەپێشەنگ دێت بەهاکەی گەیشتۆتە (0,700) ئەمەش بەگوێرەی ئاستەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەرەپێدانی مرۆیی دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی بەرز و بەهای بێبەشبون گەیشتۆتە (0,300)بوە، هەرچی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەڵەبجە دەکەونە چوارچێوەی ئاستی مامناوەند بەهاکەیان یەك بەدوای یەك (0,674) و (0,666) و (0,681) بوە.

ڕاسپێری

1- بەرزکردنەوەی ئاستی نیشاندەرەکانی فێرکاری و تەندروستی و داهات بەجۆرێك لەگەڵ ستاندەرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بگونجێت بۆ پەرەپێدانی مرۆیی، ئەمەش لەڕێگەی پلانێکی زانستی ورد دەبێت، بەتایبەتی پارێزگای دهۆك لەئاستێکی خراپ دایە بەبەراورد پارێزگاکانی تر.

2- خراپی ڕەوشی داهات لەهەر چوار پارێزگاکە بەگشتی و هەریەك لەپارێزگاکانی هەولێر و دهۆك بەتایبەتی کە بەشی داهاتی تاکەکەسیان لەئاستێکی نزم دایە و پێویستە ئاستەکەی بەرزبکەنەوە بەجۆرێك لەگەڵ ئاستی داهاتی وڵاتانی پێشکەوتو بگونجێت.

3- پێویستە کاربکرێت بۆ نەهێشتنی جیاوازی نێوان شار و گوند لەلایەك و جیاوازی نێوان پارێزگاکان لەلایەکی ترەوە لەڕوی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان، هەربۆیە لەسەر پلاندانەران و پسپۆڕانی بواری پەرەپێدان پێویستە گرنگی و بایەخی زیاتر بەو گۆڕانکاریە بدەن و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن بەگوێرەی ئەو داواکاریانەی کە لە داهاتو پێویستی پێیەتی، بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ پلان و بەرنامەکانی پەرەپێدان لەهەمو قۆناغەکاندا.

4- پێویستە لەسەر حکومەت هەوڵ بدات خزمەتگوزاری فێرکاری و تەندروستی بەتایبەتی لەڕوی بینای قوتابخانە و نەخۆشخانەکان دابین بکات و هەروەها دامەزراندنی دەرچوانی پسپۆر بۆ هەردو کەرت لەسەر ئاستی ناوچە جیاجیاکاندا.

## لیستی سەرچاوەکان

حسین، سەنگەر ئەحمەد،(2015) شیکردنەوەی جوگرافی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان/2009 و2013، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2019.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، نەخشەسازی، ڕوبەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، 2021 .

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، مەزەندەی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2021، (بڵاونەکراوەتەوە) 2022.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی ئامارەکانی پەروەردە و تەندروستی و کۆمەڵایەتی، ڕوپێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان 2020 (بڵاونەکراوەتەوە) 2021.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچون، بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و ئامار، بەشی ئامار، میلاکاتی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی 2020- 2021، (بڵاونەکراوەتەوە).

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەریوەبەرایەتی پلاندانان، بەشی ئامار و داتەبەیس، داتای بارودۆخی قۆناغەکانی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (2020-2021)، بڵاونەکراوەتەوە، ساڵی2022.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابوری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان،دیراسات ولێکۆڵینەوە و بەدواداچون، تەمویلی پارە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، بۆ ساڵی 2021.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی و ئابوری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان،دیراسات ولێکۆڵینەوە و بەدواداچون، داهاتی ناوخۆ / نانەوتی، بۆ ساڵی 2021.

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەهامەهەنگی کۆمپانیای دیلۆیت، وردبینی بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و بەکاربردن و داهاتی نەوت بۆ مانگەکانی (1- 3)و (4- 6)و (7 – 9)و(10- 12) لەساڵی ٢٠٢١.

گۆران، باسم قاسم سلێمان، (2022)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییە ان لەشاری بەردەرەش بەبەکارهینانی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2022.

محمد، خلیل اسماعیل،(2012) دۆزی کورد لەنەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی .

الأقداحي، هشام محمود،(2009)، معالم الأستراتيجية للتنمية الاقتصادية والقومية في البلدان النامية، مؤسسة شباب الجامعة للنشر، الاسكندرية.
البرنامج الانمائي للأمم المتحدة، تقرير التنمية البشرية العالمي لسنة 2007-2008، حساب أدلة التنمية البشرية، الملاحظة الفنية (1)، نيويورك، 2008 .
الجابري، رزق سعدالله،(2019)، سكان الوطن العربي دراسة في مستويات التنمية البشرية (من منظور جغرافي)، مجلة جامعة حضرموت للعلوم الإنسانية، المجلد 16، العدد (1) .
الجبورى، حسون عبود دبعون،(2014) التحليل المكاني لمؤشرات التنمية البشرية في محافظة القادسية، اطروحة دكتوراه ( غير منشورة ) كلية الاداب، جامعة الكوفة .
جمهورية العراق، وزارة الصحة/البيئة، التقرير الاحصائى السنوى، توقع الحياة فى محافظات العراق، لسنة2021
جمهورية العراق، وزارة المالية، دائرة الموازنة، قانون رقم (٢٣) لسنة ٢٠٢١الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق، حصة حكومة اقليم كردستان، تعليمات تنفيذ الموازنة العامة الاتحادية المادة 10 و 11، 2021.

جمهورية العراق،الجريدة الرسمية لجمهورية العراق، قانون رقم (٢٣) لسنة ٢٠٢١الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية ٢٠٢١، العدد٤٦٢٥/ 2021/4/12م، السنة الثانية والستون، .

الجياشي، حميد وكاع سيسان (2010)، حجم الاسرة في محافظة المثنى (دراسة في جغرافية السكان )، رسالة ماجستير، مجلس كلية التربية، جامعة واسط.
الحسيني، عبدالرزاق جاسم احمد،(2021)، التباين المكاني لمستويات التنمية البشرية في المراكز الحضرية لمحافظة صلاح الدين لعام 2019 م - الواقع والتحديات، مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، تكريت، المجلد (28)، العدد (2) .
حمد، مخيف جاسم،(2011)، واقع التنمية البشرية في العراق في ضوء مؤشرات القياس الكمي لدليل التنمية البشرية، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة تكريت، مجلة تكريت للعلوم الإدارية والاقتصادية، المجلد 7، العدد 22.
الدعمي، هدى زوير مخلف حسين (2009)، الاقتصاد المعرفى والتنمية البشرية إطار ودراسة مقارنه فى بلدان عربيه المختاره، اطروحة دكتوراه، قسم الاقتصاد، كلية الإدارة والاقتصاد، جامعة الكوفة .
الدليمي، الموسى، محمد دلف احمد الدليمي، فواز احمد،(٢٠٠٩) جغرافية التنمية : مفاهيم – نظريات– تطبيق، الطبعة الثانية، دار الفرقان للغات للنشر والطباعة والتوزيع، حلب، سوريا.
دواى،مهدي صالح، (2007)، دراسة تحليلية لواقع الفقر العربي من منظور التنمية البشرية، مجلة الفتح، العدد 31 .
الزهيرى، طلال منيهل كريم (2019)، التباين المكاني لمؤشرات التنمية البشرية في محافظة ديالى، اطروحة دكتوراه، قسم الجغرافية، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة ديالى، ديالى .
الزهيرى، طلال منيهل كريم،(2019)، التباين المكاني لمؤشرات التنمية البشرية في محافظة ديالى، اطروحة دكتوراه، قسم الجغرافية، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة ديالى، ديالى .

السماك، عبدالله، محمد ازهر سعيد، لطيف محمد،(2001)، جغرافية الوطن العربي (دراسة اقليمية)، ط 1، دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن .
السودانى، مناف محمد،(2013)، سلام فاضل على، تحليل المكانى للتنمية فى العراق، دار الكتب والوثائق، بغداد،ط2.
الشبرى، حمادي عباس حمادي،(2007)، التنمية البشرية تطور المفهوم ومؤشرات القياس مقاربة في جغرافية التنمية، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، المجلد 10، العددان 1-2 .
الشيبى، باسمة محمد صادق (2003)، الاستيراتيجية المستقبلية لتقنية الاتصالات والمعلومات في إطار التنمية البشرية، وزارة التخطيط، وحدة التنمية البشرية، بغداد.
العانى، صلاح عثمان عبد صالح،(2016)، تحليل التباين المكاني لمؤشرات التنمية البشرية في محافظة الانبار، اطروحة دكتوراه ( غير منشورة ) كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة الانبار.
عطوى، عبد الله،(2004)، السكان والتنمية البشرية، ط 1، دار النهضة العربية، بيروت .
عقل، أحمد صباح مرضي (2014)، التحليل المكاني لمؤشرات التنمية البشرية في العراق للمدة (2000-2010)، اطروحة دكتوراه، قسم الجغرافية، كلية الآداب، جامعة بغداد، بغداد .
العيسي، جهينة سلطان (1999)، علم اجتماع التنمية، ط1، الأهالي للطباعة والنشر، سوريا، دمشق.
القصير، ابراهيم خليل سلطان،(2017) الفساد المالى و الادارى واثره على مؤشرات التنمية البشرية فى العراق للمدة 2004 – 2014، رسالة ماجستير، كلية الادارة والاقتصاد،قسم الاقتصاد، جامعة القادسية.
محمد، على طلعت على،(2009)، جغرافية التنمية البشرية فى محافظة بنى سويف، رسالة ماجستير، قسم الجغرافيا، الكليه الآداب، جامعة بنى سويف .
محمد، على طلعت على، (2009)، جغرافية التنمية البشرية فى محافظة بنى سويف، رسالة ماجستير، قسم الجغرافيا، الكليه الآداب، جامعة بنى سويف.
المقداد، محمد رفعت،(2011)، تنمية الموارد البشرية في سوريا بين عامي 1960 و 1964، مجلة جامعة دمشق، المجلد(17)، العدد الثاني.
المندلاوى، حيدر حسين عبد الستار رمضان، (2014)، التباين المكاني لخصائص السكان في محافظة أربيل، أطروحة دكتوراه، قسم الجغرافية،كلية التربية للعلوم الإنسانية . ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد.
ناصف، محمد شوقي محمد،(2001)، جغرافية التنمية البشرية في محافظة قنا، اطروحة دكتوراه (غير منشورة )، كلية الاداب، جامعة الاسكندرية .

London &Sydney. ‹C ROOM HELM ‹Lawton . W.T.S. Gould and R., .(1986). Planning for Population change